# حکومەتی یەکگرتوو قەدەری کوردە

حەمە رەشید ماوەتی

قەدەری گەلی کورد قەدەرێکە پڕ لە ئازار و مەینەتی، خۆ رەنگە زۆرێك لە گەل و نەتەوەکانی جیهان هەروا بووبن.. بەڵام وەکو کورد نەبوون، رەنگە نەبوونی کیانی سیاسی و ئامادەنەبوونی لەسەر مەیدانی شارستانیەت لەگەلانی جیا کردبێتەوە.. وەك (جۆناسان راندال) دەڵێ: (کورد، گەلێکە هەمیشە لە ئازاردا ژیاوە، دۆستی راستەقینەی تەنها ناوەندی شاخەکان بووە و بە کۆچ و رەوکردن کاتی بەسەر بردووە).

لە سەردەمە دێرینەکاندا ناوچەکەی مەیدانی یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی سەردەمی خۆی بووە.. هەمیشە ناوچەیەکی نائارام مەیدانی ژیانی بوو، ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئامادەیی شارستانیی نەبووە. مێژووی دروستبوونی شارەکانی ئەوە مانا دەکات، لە سەردەمی نوێشدا و لە ناو گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا بەشی کورد پارچەپارچەکردن بووە، تا ئێستاش هەر بەو شێوەیە ژیانی هەڵپەسێردراوە، ئەمەش وای لێ کردووە لە بارودۆخی نەسرەوتندا بژی و هەمیشە بۆ هەلی مێژوویی دەڕوانێ تا رزگاری ببێ لە چاوچنۆکیی بەرامبەرەکانی، بۆیەش دەبێ تراژیدیای شۆڕش و بەرخۆدان هەموو دەم ئامادەی بڕگەکانی ژیان بێت، ئەمانەش هەمووی قەدەرە، بەڵام رەنگە هۆکارەکانی تەنها خودی نەبێت و جگە لە پشکی بەرامبەرەکانی نەخشەی رامیاریی نێودەوڵەتی زۆر جار بێ ویستی خۆی سەپاندووە بەسەریدا.

قەدەری ئەمڕۆی کوردستانی لەمەڕ خۆشمان ئەم هەرێمەیە کە بە هەرێمێکی فیدراڵ ناوزەد کراوە... بوونی پەرلەمان و حکومەت و ئیدارەی خۆی و ناوچەیەك کە بە رواڵەت ئارام و لە ناوەڕۆکیشدا چەقی ناوچەیەکی گەرم، یان کەوتووەتە بازنەی ناوچە گەرمەکانەوە.. کە ئەمەش بۆ کورد مایەی دڵەڕاوکێیە، بەڵام ئەوەی کە بە دەستی ئێمەیە، پلان و نەخشەیەکی دروستە کە بەرژەوەندیمان بشکێتەوە و وانەیەك لە رابردووەکانیشمان وەربگرین، ئەگەر دوێنێی دوور ناکۆکی و خۆپەرستیی خێڵ و هۆزەکان کوشندە بووبن، ئەمڕۆش حیزب لە جێی خێڵ هەمان رۆڵ ببینێ کوشندەترە، بۆیە قیادەی کورد ئەبێ دڵسۆزانە لە خەمی ستراتجیەکی نەتەوەی ئارامدا بێت بۆ داهاتوو و ئێستامان، ئەمڕۆ باهۆزی دیموکراتیەت و کرانەوە بە دنیای دەرەوەدا فکر و هزری تاکی کوردی بە ئاراستەیەکی بردووە، یەك زائید یەکەکەی جاران باوی نەماوە، نەوەیەکی نوێ بە چەندین فکری تازەوە سەری هەڵداوە، هەموو تێزێکی فکری بەها و نرخی خۆی هەیە، هەریەکە وشە و وتە و گوتاری خۆی هەیە، هەمووش خەمی مەسەلەکانی گەلی کوردیان هەڵگرتووە : عەلمانی، ئیسلامی، نەتەوەیی و نیشتمانی.. کەس زیاد نییە، هەمووی هەموویەتی، ئەمەش تازەترین قەدەرمانە. یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە و (42) وەزیر، کە هەموو تێزە فکری و سیاسی و نەتەوەییەکان لەخۆ دەگرێ، هەر ئەو پێکهاتەیە مانا دەکات.

قەدەری ئەم کابینەیە وایە کە نەخشە و ئەرکێکی گرانی لە ئەستۆ گرتووە، من لە رووی خزمەتگوزارییەوە ناڵێم، چونکە ئەوە جێبەجێ نەکردنی هەر نابێ.. قسە لەسەر ستراتیجی گەشەکردن و پێشکەوتنی رامیارییە کە بەراستی وا دەبینم کلیلی تەواوی سەرکەوتنەکان بەمەوە بەستراوە.. ئەمیش ئەوەی ئایا دەتوانێ کەشوهەوای لێبووردنی سیاسی و فکری بخولقێنێ؟ ئایا دەتوانێ لەجیاتی نەفەسی ئینتیما بۆ حیزب بگۆڕێ بۆ ئینتیما بۆ کورد و نیشتمان؟ تەساموح بە مانای یەکتری قبوڵکردن و خوێندنەوەی هەموو بیروبۆچوونە فکرییەکان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و پاراستنیان و کردنیان بە توخمی هێز بۆ ئایندەیەکی رووناك بۆ خۆمان و گەلەکەمان، چونکە ئەگەر تێزە فکرییە جیاجیاکان یەکتریان لێ زیاد بێت، ئەوا هەر (یەك + یەك)ەکەی جارانە و دووبارەبوونەوەی مێژووە کۆن و تاڵەکانە، یەکێك لە ئەرکەکان بەدەزگاییکردنی وەزارەت و دائیرە فەرمییەکانە، کە ئەمەش گرنگە بۆ گەشەی سیاسی و فەلسەفەی لێبوردەیی، چونکە ئەگەر توانرا دەزگاکان لە نەفەسی بەحیزبیکردن رزگار بن و حیزب بچێتەوە ناو جەماوەر، کە شوێنی سروشتی خۆیەتی بێ ئەوەی دەخالەت بکات لە کاری دەزگا فەرمییەکانی حکومەت، ئەوا دەتوانین بڵێین گۆڕانەکان رۆژێکی نوێیان خولقاندووە و تاکەکان فکریان ئازادە و لە خزمەت (کۆ)دان، (کۆ)ش بۆ خزمەتی هەمووان دەکۆشێ، توانای هەستکردن بە شتەکان لە ناو جەماوەردا زۆر زیادی کردووە، خوێندەوار و نەخوێندەواری لە یەك نزیك کردووەتەوە، بۆیە رۆشنبیریی پێکەوەژیان و پێکەوە هەڵکردن لە گەشەکردندایە.. تەساموح بە سڕینەوەی جیاوازییەکان دەستەبەر نابێت، بەڵکو بە خوێندنەوەی یەکتری و بەکارهێنانی جیاوازییەکان پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند دەبێت، ئەمەش ئەرکی هەمووانە کە تاکەکانیان وا رابهێنن و لەسەر ئەوە مەشقیان پێ بکەن، قیادەی سیاسی و ئیداری وەختی مەزن و گەورەیە کە مانا بدات بە حکومەت و دەسەڵات و یاسا و لەو رێگەیەوە بۆشایی نێوان جەماوەر و حکومەت مەحو بکاتەوە و ئاوێتەی یەکیان بخات، حکومەت ببێتە جەماوەر و جەماوەریش حکومەت..

هاووڵاتی حەقی خۆیەتی بڵێ کارم لێت دەوێ، حەقی خۆیەتی بڵێ دوارۆژم بە کوێ دەگات؟ کە دڵنیا بوو، ئیتر دەڵێ ئەرکم چییە با ئەنجامی بدەم، وەك مافم هەیە ئەرکیشم هەیە، هەرگیز بە نەفەسی حیزبیەتەوە ئەرك و مافەکان جێی خۆیان ناگرن.. ئەگەر بەو شێوەیە قەناعەتمان بە خۆمان کردبێ، هەڵەیە.. ئەگەر وا نەبوو، ئەوا هاووڵاتی دەڵێ ئەرکم پاراستنی دەسەڵاتەکەمە، ئاڵاکەمە، خاکەکەمە، نەتەوەکەمە، هەقی خۆیەتی بڵێ حکومەتی هەمووانە نەك حیزبییەکان، هەقی خۆیەتی بڵێ و بڵێ و بڵێ..